

مافپەروەر : نجم الدين حەمە سەعيد هەولێر ٢٠١١/٩/١١

Najm2233@gmail.com

هیچ کەس ودەسەلاتێك رێگە پێدراو نییە بۆ لێخۆشبوون لە تاوانبارانی جینۆسایدی گەلی کوردستان

دادگای باڵای تاوانەکان لە رۆژی ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ بڕیاری دەستگیرکردنی ٤٢٣ تۆمەتباری دەرکرد لەکاتی بریاردان لە کەیسی ئەنفال لەوانە ٢٥٨ کەسیان بە رەچەلەك کوردن ولەو جاش وموستەشارانە پێك هاتون کە لە پێش سوپای عێراقەوە هەڵمەت بەربوون بۆ ئەنجامدانی زنجیرە تاوانی ئەنفال کە هەموو رووبەری گوند نشینی کوردستانی گرتەوە لە ساڵی ١٩٨٨دا، ئەو بڕیارەی دادگا بەپێی مادەی ٩٤/أ لە یاسای ٢٣ی ساڵی ١٩٧١ واتە یاسایی (ئوسوڵی دادگایی کردنی سزاییەکان) لە سنوری هەموو پارێزگاکانی عێراق وتەنانەت لەناو باڵوێزخانە ودامو دەزگا عێراقیەکانی دەرەوەش دا جێ بەجێ کردنی پێویستە وئەو بڕیارە کۆن نابێ تا دادگا خۆی پاشگەز بێتەوە لە بڕیارەکە یان تۆمەتبار دەستگیر بکرێت یان کۆچی دوایی بکات, ئەوە لەباری ئەنجامدانی هەر کەتن یان تاوانێکی ئاساییدا, بەلاّم ئەو تاوانانەی کە لە دوو توێی یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ واتە (یاسای دادگای باڵای تاوانەکان)دا هاتووە و لەمادەکانی (١٤,١٣,١٢,١١)ا باسیان لێوە کراوە هەموو لە چوارچێوەی تاوانی نێودەوڵەتیدان وکۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەسەریان هاوڕا وهاوبڕیارە وپرۆتۆکۆلی یاسایی لەسەر واژۆ کراوە وعێراق یەکێکە لەو ئەندامانەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە خۆی پابەند کردووە بە جێ بەجێکردنی هەموو بەندەکانییەوە.

بەسەر سورمانەوە لێرە ولەوێ هەندێ جار لە چاوپێکەوتنی تۆمەتباران لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە گوێمان لێ دەبێت کە سەرکردە وسەرۆکایەییەکانی هەرێم گفتیان بە تاوانباران دابێت کە رادەستی دادگایان ناکەن ورێگە نادەن بڕیاری دادگایان لەسەر جێ بەجێ بکرێت, تۆ بڵێی راست بێت وکەسانێك لە سەرکردایەتییەکانی هەرێم پێ یان وابێت شکاندنی سەروەری یاسا ئاسایی بێت وبیر لە بەخشینی ئەو توێژەی تاوانباران بکەنەوە کە تاوانی جینۆساید وجۆرەها تاوانی

نێودەوڵەتی قەدەغە کراویان بەرامبەر گەلەکەمان ئەنجام داوە لەکاتێکدا کە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ بە روونی لە مادەی ٢٧ بڕگەی دوو دا دەڵێت ئەو تۆمەتبارەی تێوەگلانی لە تاوانەکانی نێو مادەی (١٤,١٣,١٢,١١)ەوە بەسەردا بسەپێ ئەوا بۆ هیچ کەس ولایەن ودەسەلاتێك نیە لێیان ببوڕێت وئەبێ بڕیارەکەی دادگا بێتە جێ بەجێ کردن, هەروەها بەپێی مادەی ١٥ی هەمان یاسا هەر لێبوردنێکی گشتی یان تایبەتی پێش دادگایی کردن بۆ تاوانباران دەرچوونبێت پوچەڵ دەبێتەوە وتاوانبار ئەبێ لەبەردەم دادگادا ئامادە بکرێت.

بێ گومان دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق یەکێکە لە دەستکەوتە زێڕینە مێژوویییەکانی دوای ڕوخانی ڕژێمی صدام وهەلێکی یاسایی ڕەخساوە بۆ گەلی کوردستان کە بەهۆیەوە هەموو ئەو تاوانانە بسەلمێنێت کە بەهۆی ڕژێمی بەعسەوە لەسەرمان ئەنجامدراوە وبڕیارەکانی دادگا بکەینە زامنی دووبارە نەبوونەوەی ئەو تاوانانە وهەروەها بەهۆیانەوە قەرەبووی شیاوی زیانلێکەوتوانی دەستی ڕژێم بکرێتەوە, بەو هۆیەوە ئەرکی یاسایی ونەتەوەیی ورەوشتی دەسەلاتەکانی هەرێمە زۆرترین هاوکاری لەگەڵ دادگای باڵای تاوانەکان بکەن وبەزووترین کات تاوانبیارانی جینۆساید ڕادەستی دادگا بکەن و چیتر ڕێگە نەدەن تۆمەتباران بە ئازادی لە هەرێمی کوردستان بگەڕێن ولە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هێرشی نارەوا بکەنە سەر دادگا ودەسەلاتەکان وسوکایەتی بە یاسا بکەن وهەروەها بەپارەو پول ومااڵی گشتی خەڵکی هەرێم دیواخان برازێننەوە وپلە وپایەی گەورەیان هەبێت وپاسەوانی فەرمیان بەدواوە بێت وهەرچی زوتر بڕیاری دادگایان لەسەر جێ بەجێ بکرێت.

هەرچەندە زۆرێك لەوانە وبەتایبەت ئەوانەی کەلای رژێم تادوا ساتەکانی مابونەوە ئێستا لە دەرەوەی عێراق ژیان بەسەر دەبەن وهەموویان شوێنیان دیارە, وە بەپێی پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتی بۆ قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید کە ساڵی ١٩٤٨ دەرچوە, ئەکرێ هەموو ئەوانەی بە بڕیاری دادگا ڕادەستی عێراق بکرێنەوە دوای ئەوەی لە ڕێگەی پۆلیسی نێودەوڵەتییەوە (ئینتەرپول) بڕیاری دەستگیر کردنیان دەنێردرێتە ئەو وواڵتانە, هەروەها قەدەغەکراوە کە ئەوانە مافی پەنابەریان هەبێت ولەهەر جێیەکی دونیابن هێنانەوەیان تەنها بەکاتەوە بەستراوەتەوە.

جێی ئاماژەیە کە ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان بە ئەرکی خۆی هەستاوە ولە ٢٠١١/٥/٥ دا بڕیاری دەستگیر کردنی تاوانبارانی گشتاندن پێ کردووە و لەکەمتر لە یەك مانگدا هەموو بنکەکانی پۆلیس ودادگاکانی لێکۆڵینەوەی هەرێمی لێ ئاگادار کردوەتەوە, وە بەرپرسانی پۆلیس ئامادەیی جێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارانایان هەیە لە کاتێکدا لەسەرو خۆیانەوە ڕێگەیان پێ بدەن, لێرەوە لە سەرۆکایەتی هەرێم ودەزگا پەیوەندی دارەکان خوازیارین هەرچی زووتر بڕیاری مێژوویی بە جورئەت بدەن ودەستی هێزەکانی پۆلیس والأ بکەن بۆ دەستگیر کردنی تاوانباران وهەرێم وەك نموونەی جێ بەجێ کاری یاسا وبڕیارەکانی دادگا نیشان بدەن و دڵی کەس وکاری قوربانیان وزیان لێکەوتوان وشکایەتکار وشایتحاڵەکانی کەیسی زنجیرە تاوانەکانی ئەنفالیش خۆش بکەن بەوەی کە داواکەیان لە دادگا بەهاوکاری وپشتیوانی وبڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم وبەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەرێوەدەچێت.